# پێگەکانی بوون بە عێراقێکی دیموکراسی و ئالتەرناتیڤەکان



د. سالار باسیرە

بۆ بوون بە عێراقێکی دیموکراسی پێویستە سیستەمەکە چەند پێگەیەکی سەرەکی هەبێت: دەبێت عێراقێکی دەستوری و هەروەها کۆمەلگایەکی جێگیر بێت. سەبارەت بە عێراقێکی کۆمەلگایی (هاولاتی بوون / ئینتیما بۆ دەولەت و عێراقی بوون) دەبێت جەخت لەسەر ئەو ڕاستیە بکرێت ئەویش هەبوونی (جیاوازی) یە لە عێراقدا (جیاوازیە ئێتنیکی و نەتەوەییەکان). بەلام کۆمەلگایی بوون و دداننان بە جیاوازیەکاندا لەم دەولەتەدا جێگیر نیەو بەدەستنەهاتوەو پێنەگەیشتووە. ئەو جیاوازیە لە دەستوردا بوونی هەیە بۆ ئەوەی یەکێك لە مەرجەکانی دیموکراسیەت تەواو بکات بەلام بۆ ئەوەی عێراق ببێت بە عێراقێکی دیموکراسی لەسەر لایەنە جیاوازەکان پێویستە ددان بەڕاستی چەسپاندنی دەستورو چەسپاندنی کۆمەلگایی بوون و جیاوازیەکان بنێن و بیچەسپێنن ، شتێك کە وەك پێویست نەکراوە. هەتا ئێستە شتێك نیە پێی بوترێ گەلی عێراق. ئەو لایەنە جیاوازانە لە ڕێگای دامەزراوە هاوچەرخەکانەوە بەرژەوەندی و ئامانج و خواستەکانیان دەربڕن وەك ڕێکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی و حیزبە سیاسیەکان و دامەزراوە دەولەتی و حکومیەکانەوە... نەوەك خێل و عەشیرەت و مەزهەب.

## پەرینەوەی عێراق بۆ کۆمەلگایەکی مەدەنی دیموکراتی ئاسان نیە

لەعێراقدا هەروەك سەرجەم ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست پەرینەوە بۆ کۆمەلگایەکی مەدەنی دیموکراتی کارێکی ئاسان نیە بەتایبەت ئەو ولاتانەی کە پێشینەی دیموکراسییان نیە. بەواتا گۆڕانی کۆمەلایەتی بۆ دیموکراسیەت پرۆسەیەکی قورسە. تەنها پێنج یەکی ئەو سەد ولاتەی کە لە قۆناغی گواستنەوە بۆ دیموکراسی دادەنران بە ئاڕاستەیەکی دروستدا ڕۆیشتوون. زۆربەی زۆری ئەو ولاتانە یان

بۆ هەمان ئاستی پێشووی سەرکوتکاری گەڕاونەتەوە یان وا دەردەکەوون کە لە هەرێمێکی خۆلەمێشیدا کەوتونەتە نێوان دیموکراسی و سەرکوتکاریەوەو چەقیوون و بە خێرایی بە هیچ لایەکدا ناکەوون. پرۆسەی بونیاتنانی دیموکراسیەت و تازەگەری و چاکسازی لە کۆمەڵگا خۆرهەلاتیەکاندا پرۆسەیەکە لەچینی سەرەوە دەستپێدەکات نەك لە خوارەوە. لێرەدا پێویست بوون بە بناغەیەکی فکریی هەیە کە لە ئەقلانیەتەوە سەرچاوەی گرتبێت و پشت بە عەلمانیەت ببەستێت بەلام تائێستە ئەم بناغە فکریە ئەقلانیە لە عێراق وەك پێویست بەردەست نیە. هەندێك مەرجی سیاسی بوونی هەیە لە عێراقدا وەك ئەنجامدانی هەلبژاردن ، دەستورێك هاتە ئاراوە ، فرەیی حیزبە سیاسیەکان بەرچاو دەکەون ، بەشێوەیەکی رێژەییش ڕاگەیاندنی سەربەخۆ بوونی هەیە. ئەمانە مەرجە سیاسیەکانن بەلام ئایا دەتوانرێت لە عێراقدا بناغەیەکی کۆمەلایەتی بۆ دیموکراسیەت بدۆزرێتەوە؟ وەلامەکەی نەخێر.

بەلام هەتا ڕادەیەك دەتوانریت پشت بەم مەرجە سیاسیانە ببەستریت بۆ بونیاتنانی دیموکراسیەت ، وەکو ئەوەی لە ئەوروپا رویدا. هەندێك لەو ئاستەنگانەی کە ڕوبەڕووی دیموکراسی دەبنەوە ئەوەیە دیموکراسی بەرقەرار نابێت ئەگەر خەلك باوەڕی پێ نەبێت بەلام بە تەنهاش باوەڕبوون بە شەرعیەتی دیموکراسی بەس نیە بۆ مسۆگەر کردنی دیموکراسی پایەوپتەو. دیموکراسی لەسەر بنەمای دامەزراوەکان پتەو دەبێت (دەستورەکان ، سیستەمی هەلبژاردن ، پارتە سیاسیەکان و هاوشێوەکانیان) هەروەها دروستبوونی پێکهاتەی کۆمەلایەتی خۆڕسك (گروپەکانی بەرژەوەندی ، میدیای سەربەخۆ ، گروپەکانی مافە مەدەنیەکان ، مافی مرۆڤ ، ئازادی تاك وەك یەکێك لە خەسلەتەکانی کۆمەلگای مەدەنی) کە لە دەرەوەی کایەی کۆنترۆلی دەولەتدا هەن و ئەرکی کارلێککردنی دەولەت و تاکەکان دەبینن. دواجار مەرجێکی تر کە ئاستیکی قولی هەیە هەندێك دیاردە دەگرێتەوە لەوانەش پێکهاتەی خێزانیی وەك کۆلەکەیەکی گرنگی کۆمەلگا ، ئاین ، بنەما مۆرالیەکان ، هوشیاری ئێتنیکی ، هاولاتیبوون و هەندێك دابونەریتی مێژویی تایبەت. بەمەش ناوەندی کەلتوری سیاسیی و دیموکراسی تەواویش بەرقەرار نابێت ئەگەر لەناو کەلتوری سیاسیدا ڕەگی دانەکوتابێت. لێرەدا دەکرێ بگەمە ئەو تێڕوانینەی گۆڕانکاری لەم جۆرە کۆمەلگایانەدا زۆر هێواشەو بەدیهاتنی ئاسان نیە. گۆرینی دامەزراوەکان زۆر لە گۆرینی کەلتوور ئاسانترە.

## كورد هەست بە عێراقی بوونی خۆی ناكات

كورد لە عێراق هەست بە عێراقی بوونی خۆی ناكات بەلكو خۆی بە بەشێك لە گەلی كورد دەبینێت كە ولاتەكەی لە لایەن هێزە كۆلۆنیالیستەكانەوە دوای جەنگی یەكەمی جیهانی دژ بەخواستی ئەم دابەش و كۆلۆنیزە كراوەو بە زۆر لكێندراوە بە دەولەتی تازە دروستكراوی عێراقەوە. ئەم هەلوێستەی كورد لە عێراق هۆكارو دەرئەنجامی خۆی هەیە. لە 90 سالی ڕابوردودا ، لەو كاتەوەی دەولەتی عێراق دروستكراوە ڕژێمە یەكبەدوای یەكەكانی عێراق كوردیان لەم دەولەتە دەستكردەدا هەمیشە وەك مرۆڤی پلە دوو مامەلە كردوە كە لە پرۆسە سیاسیەكاندا پەراوێز خراوە. ڕوبەڕوی دەربەدەری و لەناوبردن و جینۆسایدكردن كراوە. ئەم سیاسەتە بوە هۆی ئەوەی كورد كە بەپێی ئامارە گشتیەكان 20%ی دانیشتوانی عێراق پێكدێنێت نەبێتە خاوەن ناسنامەیەكی ڕاستەقینەی عێراقی وە نە لەم بارودۆخەدا ئەم ناسنامەیەی قبول بووە. ئەم ڕاستیە ئەوە دەگەیەنێت كە دیموكراسیەت و سەقامگیری و ئاسایشی نیشتیمانی بێ بەرقەرار بوونی بە كۆمەلگایی بوون و پێكەوە ژیانی ئارەزومەندانەی نەتەوەو ئێتنیكەكان و بێ دان پێدانان بە جیاوازیەكان و مافەكانیان مەحالەو كۆمەلگایەكی ناجێگیر دەبێت. عەرەبە ناسیۆنالیستەكان و هەروەها لایەنە ئیسلامیە توندڕەوەكان بە ئەقلیەتی دەسەلاتی مەركەزیەت و دەمارگیریی نەتەوەیی و ئاینیی بیردەكەنەوەو ڕەفتار دەكەن. دەسەلاتدارانی عێراق بە سونەو شێعەشەوە بە ئەقلی مەركەزییەت و خۆسەپاندن بیردەكەنەوە. كەمایەتیەكی سوننە لە سەردەمی دەولەتی بەعسیشدا پیادەی دیكتاتۆریەتی كەمینەیەكی دەكرد بەسەر زۆرینەدا. ئێستە زۆرێك لە لایەنە شێعەكان دەیانەوێ پیادەی دیكتاتۆریەتی زۆرینە بكەن بەسەر كەمینەدا. ڕوانینە دیموكراسیەت وەك زۆرینەو كەمینە دیدێكی هەلەیە ئەگەر عێراق بەنمونە بهێنمەوە. ململانێ بە شێوە نادیموكراتیەكەی تا ئێستا لە عێراقدا هەر بەردەوامە. كەلتوری بەعسی كە لەسەر سرینەوەو ڕەد كردنەوەی ئەوی دی دامەزرابوو هەر هێشتا كەلتورێكی زیندووە.

## دەولەت و كۆمەلگا عەرەبی و ئیسلامیەكان

ئەوەی لە نێوان كۆمەلگای عێراقی و دەولەتدا دەگوزەرێت لە دەولەتە عەرەبی و ئیسلامیەكانی كەشدا بەدی دەكرێ و هۆكاری ئەوەش بۆ چەند فاكتەرێك دەگەڕێنمەوە:

1) *نامۆبوونی سیاسەت لەم جۆرە کۆمەڵگایانەو کەمیی یان نەبوونی بەشداریی سیاسی جەماوەر لە پرۆسە سیاسیەکاندا.*

2) کەلتوری سیاسی سیستەمە رۆژهەلاتیەکان رێگرن لە بەشداریی ئازادانەی جەماوەر.

3) چەوساندنەوەی رێکخراوە سەربەخۆکان لە لایەن سوپاو دەزگا موخابەرایەتیەکانەوە.

4) لەناوبردنی کۆمەلگای مەدەنی یەکێکە لە فاکتەرە بریاردەرەکان بۆ مەبەستی ڕاگرتنی سەقامگیریی دەسەلاتدارانی دەولەت.

5) هەولی نەهێشتنی ئۆپۆزیسۆن و ئەو رێکخراوانەی سەربەخۆن لە فەرمانڕەواکان و لێسەندنەوەی توانای بەشداریکردن و گوزارشت کردنیان لە ناڕەزایەتیەکانیاندا. بە شەخسەنە کردنی سیاسەت و دەولەت ، لێرەدا بەواتای بە دەولەت کردنی کۆمەلگا دەبەخشێت.

## ئەزمونی سویسرا

*ئەگەر سەرنجێك بدەینە باری ئاین و زمان لە سویسرا دەبینین لە 41٪ کاسۆلیك ، 40٪ ئێفێنجیلی (پرۆتێستانت) پێکهاتوە. دوو مەزهەبی جیاواز سەر بە یەك ئاین کە مەسیحیە. 5.5٪ سەر بە مەزهەبی جیاواز ، 11٪ سەر بەهیچ ئاینێك نین. لە سویسرا هەروەك لە زۆربەی ولاتانی رۆژئاوا ، بە پێچەوانەی عێراق لە نێوان ئاین و مەزهەبەکان لێك تێگەیشتن هەیەو ئاین بە تەقدیس نەکراوە جگە لەوە هاولاتی سویسری هەست بە ناسنامەی سویسری بوونی خۆی دەکات. لە عێراق 60٪ شێعە، 35٪ سونە کە هەردوو لایەن موسلمانە ، 2٪ مەسیحی ، تورکومان... بەلام جەنگێکی خوێناوی رِق و کینە هەیە لە نێوان شێعەو سونەی عەرەبیدا ئیتر هۆکارەکانی هەرچیەك بن ، ئەم دیاردەیەو بوونی فەناتیزمی ئاینی و مەزهەبیی و ئەقلی تایەفی و نەبوونی هوشیاری بۆ دیموکراسیەت رێگرن لەبەردەم پرۆسەی سەقامگیری و دیموکراسیەت و لێکتێنەگەیشتن. دیاردەیەکی رێگر لەبەردەم فکری لامەرکەزی و فیدرالیەتیشدا.*

## ئالتەرناتیڤەکان

مرۆڤایەتی لەگەل گەشەکردنی مێژووی ژیانیدا بەکۆمەلێك لە سیستەمی سیاسیدا رۆیشتوە بەلام کۆپی کردنی سیستەمی سیاسی ولاتێك بۆ یەکێکی تر دەقاودەق نەگونجاوەو پێویستە لەگەل

بارودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری و کەلتوری و سایکۆلۆجی ئەو ولاتە خۆیدا گونجاوبێت و گەشە بکات. هەتا ئێستە هیچ سیستەمێکی سیاسی لەنێو ئەم دەولەتی عێراقی پلورالیستیەدا دروستنەبووە کە وەك سیستەمێکی سیاسی گونجاو گوزارشت بکرێت.

*لەبەر رۆشنایی واقعی عێراق و قەیرانە مەزهەبی و تایەڤ و ئێتنیکیە قولەکانی ئەم دەولەتە دەستکردە دەگەمە ئەو دەرئەنجامەی کە دیموکراسیەت و سەقامگیریی و دادپەروەری لە عێراقدا بەدەست نایەت ئەگەر دەسەلات خاوەن بناغەیەکی فکری نەبێت کە لە ئەقلانیەتەوە سەرچاوەی نەگرتبێت و خۆی لە فکرو ئەقلی مەرکەزیەت بە دوور نەگرێت.* مەرکەزیەت نەك تەنها کۆی ئەقلی سیاسی و سیستەمی سیاسی دەولەتی عێراقی تەنیوە بەلکو لە هەرێمی کوردستانیشدا هێشتا لە ژیانی حوکمرانی و سیاسی و حیزبیشدا ئەقلیەت و سیستەمی مەرکەزی و کەلتوری مەرکەزی زالە. *سیستەمە مەرکەزیەکان ناکرێ لەگەل دیموکراسیەتدا کۆك بن چونکە خاوەن دوو جیهانبینی جیاوازن. تەنیا دەسەلاتی لامەرکەزی خەسلەتی دیموکراسی پێوە دیارە. گونجاوترین ریگاش بۆ سیستەمی لامەرکەزی لەم جۆرە کۆمەلگایانەدا بریتیە لە فیدرالیزمێکی راستەقینە جونکە فیدرالیەت دەبیتە هۆی دابەشکردنی دەسەلاتەکان و کەمکردنەوەی دەسەلاتی ناوەند.* کورد لە مێژووی دەولەتی عێراقداو لە نێو هەموو گەلانی تری نێو عێراق گرفتاری سیاسەتی مەرکەزیەت و روبەرووی زیان بۆتەوە. هەربۆیە مەرکەزیەت لە بەرژەوەندی کورددا نیە. فکری مەرکەزیەت لە عێراق بەتەنها بۆ بەرژەوەندی نوخبەیەکی دیاری دەسەلات بووە. لەبەر رۆشنایی واقعی مێژووی سیاسی عێراق و پێکهاتە کۆمەلایەتی و ئەتنیکی و مەزهەبیەکەیەوە دەگەمە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەم دەولەتە هێشتا دوورە لەوەی ببێتە خاوەن سیستەمێکی سیاسی ئەقلانی و ناشبێتە سویسرا چونکە ئەقل نایەوێت تێیدا کار بکات. نوسەر لە توێژینەوەیەکیدا باسی لە هەشت ئالتەرناتیڤی سیاسی کردوە بۆ عێراقی ئایندە بەلام گرنگترین دەرئەنجام بریتیە لەوەی خوارەوە:

## عێراق / سێ دەولەتی شێعەو سونەو کورد

*ئەگەر شێعەو سونە مەزهەبی عەرەبیی عێراق لەگەل یەکتردا تەبا بوونایە ئەوا دەکرا دوو دەولەتی کۆنفیدرالی کوردستان و دەولەتێکی عێراقی عەرەبی پێکبهاتایە بە گرێدانی چەندین بواری وەك بەرگری و کەلتوری و بازرگانی...تاد. دەکرێ بەم رێگایە کێشەکانی نێوان کوردو دەسەلاتی عەرەبی*

*سەبارەت بە دۆزی کورد چارەسەر بکرێت. بەلام چارەسەری بنەڕەتی بۆ عێراق بریتیە لەوەی دەولەتی ئێستەی عێراق بکرێتە سێ دەولەتی کوردی و عەرەبی شێعەو عەرەبی سوننەو دەشکرێ بکرێتە سێ دەولەتی کۆنفیدرالی (سەبارەت بە دەولەتی کوردی لە باشوری کوردستان ئەم باسە قسە زۆر هەلدەگرێ بۆنمونە مەسەلەی کۆدەنگی و ستراتیژی سیاسی و نەتەوەیی). بەلام لێرەدا دەولەتە سوننەکە کێشەی ئابوری دەبێت بە بەراورد لەگەل ناوچە کوردی و شێعە نشینەکان چونکە سەرچاوە نەوتیەکان کەوتونەتە دوو ناوچەکەی ترەوە. لێرەدا گرنگە کار بۆ رێکەوتنێکی نێودەولەتی بکرێت کە دوو دەولەتەکەی تری کوردو شێعە بۆ مەودایەکی پێویست هاوکاری ئەم دەولەتە سوننە نوێیە بکەن هەتا دێتە سەرپێی خۆی.ئەوە ڕاستە تورکیا و ئێران بە شوێن نفوزو بەرژەوەندی خۆیانەوە دەبن لەو دەولەتە نوێیانەدا بەلام ئەوەش بەندە بە ڕەفتارو فکر و سروشتی سیاسی ئەو دەولەتە نوێیانە خۆیانەوە. ڕاستە ئێران کاریگەریی لەسەر دەولەتە شێعەکە دەبێت بەلام مەرج نیە ئەم دەولەتە شێعەیە ببێتە بوکەڵەیەکی دەستی ئێران ، هەردولا خاوەن دوو ناسنامەی ئێتنیکی تایبەت بە خۆیانن و جەنگی عێراق / ئێران ئەم بۆچونەی سەلماند. هەندێك لە لایەنە شێعەکانی عێراق عێراقی و قەومیش بیر دەکەنەوە.*

*مەرج نیە بە دروستبوونی ئەم سێ دەولەتە گشت کێشەکان چارەسەر ببن بەلام بۆ ئەم پرۆسەو قۆناغە مێژوییە سیاسیە کۆمەلایەتیە کێشە سیاسی و مەزهەبی و ئەتنیکیەکان بەشێوەیەکی بەرچاو کەم دەبنەوە. ئەوەی ماوەتەوە بوترێت ئەوەیە کە دەبێت سنورێکی جدی بۆ داعش دابنرێت و زێدە ڕەوی نەکات. من لەو باوەڕەدام ئەگەر باری ئابوری و کۆمەلایەتی خەلکیی باش بکرێت، خزمەتگوزاری و ماف و یاسای تەندروست بەرقەرار بێت ئەوا ئەم لایەنە ئاینیە دەمارگیرە تۆتالیتاریزمە نوێیانە وەك داعش و هاوشێوەکانی چانسی گەشە کردنیان نەمێنێت. مەرجیش نیە ئەم سێ دەولەتە نوێیە دەولەتی دیموکرات بن بەلام بۆ بوون بە دەولەتی دیموکراسی ئەوەش بەندە بە خەباتی چین و توێژە کۆمەلایەتیەکانی نێو ئەو دەولەتە خۆیەوە.*

---

**سەرنج:**

**** کۆنفیدرالی بریتیە لە یەکێتیەکی پەیماننامەیی نێوان دوو دەولەت یان زیاتر. لە پێناوی چەند بەرژەوەندیەکی هاوبەشدا بۆ ماوەیەك کە ڕەنگە کاتی بێت ، دادەمەزرێت. هەر دەولەتێك لە یەکێتیەکەدا پایتەختی سەربەخۆی خۆی و ئالای تایبەت بۆ خۆی دەبێت. هەر دەولەتێك لەوانە هەر سێ دەسەلاتە تایبەت بە خۆکەی لەسەر ئاستی یەك لایەنە دەبێت (پەرلەمان ،**

**حکومەت و دادوەری). دراوی تایبەت بە خۆی دەبێت و دەشکرێ لەسەر یەکخستنی دراو ڕێکبکەون. هەر دەولەتێك لەوانە مافی نوێنەرایەتی کردنی بە شێوەیەکی سەربەخۆ هەیە. هەروەها دەکرێ لە قۆناغێکی داهاتودا بە حوکمی ڕێککەوتن و گونجان بگۆڕدرێ بۆ یەکێتیەکی فیدرالی.**

**** هەندێك ناوچە هەن لە عێراقدا وەك مێژوو ، یان جوگرافیا دەگەرێتەوە بۆ ناوچەکانی یەکێك لەو دوو مەزهەبە سونە ، یان شیعە بەلام ئەمڕۆکە بەهۆی چەندین فاکتەرەوە بوونەتە تێکەلەیەك لە هەردوو مەزهەبەکە بۆ نمونە بەغدا ، هەربۆیە پێویستە بۆ ئەم دیاردەیەش چارەسەری گونجاو و دادپەروەرانە بدۆزرێتەوە ، هەر بەم شێوەیە کەرکوك وەك مێژوو کوردستانیە بەلام لە چەند ئێتنیکێك پێکهاتوە. لێرەدا لێکۆلینەوە لە دەولەت و سیستەمە سیاسیە فیدرالیە پلورالیستەکان بە گرنگ دەبینم ، بۆ نمونە سویسرا.**